# پەیامی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان
# دەربارەی هەڵبژاردنەکانی عێراق!

بەڕێز غازی عجیل ئەلیاوەر سەرۆک کۆمار
بەڕێز دکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆک کۆمار
بەڕێز دکتۆر ئیبراهیم ئەلجەعفەری جێگری سەرۆک کۆمار
بەڕێز دکتۆر ئایاد عەللاوی سەرۆک وەزیران
بەڕێز دکتۆر بەرهەم ساڵح جێگری سەرۆک وەزیران
بەڕێز ئەنجومەنی کاتیی نیشتمانیی عێراق
بەڕێز پەرلەمانی کوردستان
بەڕێز سەرکردایەتی حزب و هێزە سیاسییە کوردستانی و عێراقییەکان
بەڕێز نوێنەرایەتییەکانی UN لە کوردستان و عێراق
بەڕێز سەفارەتی هەر پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق
بەڕێز کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق

دوای سڵاو!!
پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان، کۆمەڵێک تێبینی و ڕاوبۆچوونی دەربارەی سەرجەمی هەڵبژاردنەکانی عێراق و هاوکاتبوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و عێراق هەیەو ئەم هەڵوێستەشی لە ڕۆژنامەی ڕزگاری ئۆرگانی ناوەندنی حزبدا کە لە هەولێر دەردەچێت بڵاوکردۆتەوە.
لەگەڵ ئەوەشدا بڕیارمان دا بەشداریی پرۆسەی هەڵبژاردن بکەین، چونکە پێمان وایە ئەم هەڵبژاردنە یەکێک لە نوختە وەرچەرخانە گرنگەکانی ئایندەی عێراق و کوردستان پێکدێنێت. لەهەمان کاتدا بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا بەشداریکردنە لە پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردنی ناوچەکەو شەڕی دژی تیرۆر.هەر بۆیە داوایەکمان ئاراستەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان کرد بە تەواوی ئەو مەرجە یاساییانەی کە بۆ بەشداریکردن پێویستن.

کەچی لە ڕۆژی ٢-١٢-٢٠٠٤ دا ئەم کۆمیسیۆنە بە کتابی ڕەسمیی ژمارە ١٦٢ی خۆی ئاگاداریکردینەوە گوایە ناوی حزبەکەمان ناوێکی ئینفصالییە و پێویستە تا ٨-١٢-٢٠٠٤ ناوەکەمان بگۆڕین و دەڵێت:

" ان اسم الكيان ينطوی علی اشاره ذات طابع انفصالی وهو ما يخالف التعليمات والانظمه المعتمده من قبل المفوضيه وعليه توصی بتغير الاسم بالشكل الذی يطابق هذه الانظمه والتعليمات"

ئێمەش لەلای خۆمانە لە ڕۆژی ٦-١٢-٢٠٠٤ دا وڵامێکی کۆمیسیۆنمان دایەوەو جەختمان لەوە کردوە کە ئێمە حزبێکین لە ساڵی ١٩٩٣ وە بە پێی یاسای حزبەکان لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە مۆڵەتدراوین و حزبێکی قانوونیین. هەروا ئەم ڕەفتارەی کۆمیسیۆن کارێکی پێچەوانەی یاسایەو هەڵوێستێکی سیاسییە نەک بیانوویەکی قانوونیی. [هەردوو نامەکە تان لەگەڵ ئەم پەیامەدا بۆ دەنێرین].
بڕیاردانی مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی گەلان بە گەلی کوردستانیشەوە، بەپێی هیچ یاساو شەرعێکی ئینسانیی و شارستانیی، کارێکی ناقانوونیی نییە، تا ئەم کۆمیسیۆنی هەڵبژارنە بیکاتە بیانوو بۆ کۆسپ خستنە بەردەم بەشداریکردنمان لە هەڵبژاردنەکاندا.

ئەم کۆمیسیۆنە بەم کردەوە ناقانوونیی و دژ بە ئازادییەی نەک هەر حزبێکی دژ بە دیکتاتۆرییەت و تیرۆر لە پڕۆسەی هەڵبژاردن دووردەخاتەوە، بەڵکو سووکایەتیش بەگەلی کوردستان و کێشە ڕەوایەکەی و سووکایەتی بە ئازادیی ڕادەربڕین دەکات و دەیەوێت عەقڵی خەڵکی قوفل یان کۆنترۆڵ بکات.

هەروا ئەم کۆمیسیۆنە بەم ڕەفتارەی وچەندان کردەوەی تری بە ڕاشکاوەیی ئەوەی دەرخست کە کۆمیسیۆنێکی بێلایەن نییە، بە تایبەتیش لە کێشەی کوردستاندا.
دژایەتیکردنی ناوی حزبێک کە بیەوێت لە پڕۆسەیەکی دیموکراسی و لەسەر سندوقی دەنگدان داوای مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی گەل و وڵاتێک بکات، بەلای ئێمەوە ڕەفتارێکی ناقانوونییەو کۆدێکی سیاسییە کە پێویستە ئەم کۆمیسیۆنە یان پاشگەزبێتەوە و چاو بەبڕیارەکەیدا بگێڕێتەوە یان دەبێ تەفسیراتە سیاسییەکانی خۆی ڕابگەیەنێت و ئێمەش وەک ڕێکخراوێکی سیاسی لایەندار مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، نەک وەک کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.

بۆ دەبێت بەکارهێنانی کۆنسێپتی سەربەخۆیی تەنیا لەگەڵ ناوی گەلی کوردو وڵاتی کوردستاندا ناقانوونی و "خەتەر" بێت؟لە کاتێکدا ئەگەر سەرنجی لێستی ئەو حزب و گروپانە بدەین کە بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن. وشەی سەربەخۆیی و گەلێک کۆنسێپتی تری هاورەدیفی سەربەخۆیی لە پەنای ناوی حزبە عەرەبییە قەومییەکان و حزبە ئیسلامیی و عێراقییەکاندا دەبینین!! تەنانەت زۆر ناوی کاریکاتێریی لە لیستەکەدا هەن کە سەر بە دەوڵەتانی ناوچەکەن وەک حزبی ترکمن ایلی(حزبی هەرێمی تورکمانستان - حزب اقليم تركمانيا) داخوا ئەم

کۆمیسیۆنە مانای وشەی "ایلی" دەزانێت یان ئەویش پێی وایە لە عێراقدا هەرێمێک هەیە بە ناوی تورکمانستان؟ باشە ئەم کۆمیسیۆنە بۆ لەڕاست ئەم کارە ناقانوونیەدا بێدەنگە؟ کەچی داوای مافی چارەی خۆنووسین و ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان بە ناقانوونی لە قەڵەم دەدات.

ئەی ئێستا قسە لەسەر ئەوە نییە کە عێراق بەرەو ئایندەیەکی دیموکراسیی و بەرەو دەوڵەتێکی دەستووریی و قانوونیی بڕوات. ئەی ئەم کۆمیسیۆنە بۆ سەرنجی وڵاتە دیموکراتییەکانی جیهان نادات، کە لێرەدا تەنیا بۆ نموونە ئاماژە بە وڵاتی کەنەدا دەکەین. لەوێ نەک هەر بەکارهێنان و پراکتیزەکردنی سەربەخۆیی لە دانیشتوانی هەرێمی کیوبیک نەکراوە بە ناقانوونیی و قەدەغەکراو، بەڵکو ڕێگای ئیستقلالخوازانی کیوبێک دراوە بەشداری پرۆسەی سیاسی بکەن و هەر کاتێکیش بخوازن بە ڕێوشوێنی قانوونی دەتوانن داوای سازدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمەکەدابکەن و دانیشتوانی هەرێمەکە خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن: کە دەخوازن وەک بەشێک لەگەڵ کەنەدادا بمێننەوە یان جیابنەوە. هەڵەن ئەو کەس و دەزگایانەی کە پێییان وابێت دیموکراسی ڕێگای ئازادیی و سەربەخۆیی لە گەلان دەگرێت، بە گەلی کوردستانیشەوە !!!

کۆمیسیۆنی باڵاو هەموو لایەک دڵنیا دەکەینەوە، کە ئەم ڕەفتارە ناقانوونییە ناتوانێت ئێمە لەخەتی ئازادیی و دیموکراسی و سەربەخۆیی لابدات . پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان وەک حزبێکی کوردستانیی لەناو جەرگەی پرۆسەی سیاسیدا و بەڕێوشوێنی دیموکراسییانەو شارستانیانە درێژە بە خەبات و چالاکییە سیاسیی و فکریی و ڕێکخراوەییەکانی خۆی دەدات، لە پێناوی ئایندەیەکی دیموکراسی بۆ کوردستان و عێراق، لە پێناوی بڕیاردانی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کوردستان.

هەر بۆیە لە کاتێکدا بەتوندی ئەو شەرت و شرووتە سیاسییانە ڕەتدەکەینەوە کە کۆمیسیۆنی باڵا دەیەوێت بەسەرماندا بیسەپێنێت. لە هەمان کاتدا کشانەوەی خۆمان لە هەڵبژاردنەکان ڕادەگەیەنین.
ئێمە کە بڕوامان بە ئایندەی دیموکراسی هەیە بۆ کوردستان و عێراق و ناوچەکە، بڕوامان بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان هەیە. بەردەوام جەختمان لەوە کردوە کە عێراق لەسەر بنەمای دوو هەرێمی کوردستان و عەرەبستان دابمەزرێتەوەو بکرێت بە دەوڵەتێکی ئیتحادیی و گەلی کوردستانیش لەم دەوڵەتە نوێیەدا بتوانێت مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی خۆی لەسەر تەواوی خاکی باشووری کوردستاندا هەڵسو کەوت بکات. هەر ئەمەش وایلێکردین لە ساڵی ١٩٩٣ دا پشتیوانیی لەو فیدرالیزمە بکەین کە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند.

ئێمە پێمان وایە مەحەکی بە دیموکراسی بوون و بە قانوونیی بوونی دەوڵەتی ئایندەی عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ و ئیتحادیی لە عێراقدا، لەوەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت، کە دان بە

مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستاندا بنرێت، جا پراکتیزەکردنی ئەم مافە بە مانەوە لەگەڵ عێراقدا بێت لە دەوڵەتێکی ئیتحادیدا یان بە جیابوونەوە لە عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتیی نیشتمانیی کوردستان.

هەڵەن ئەوانەی کە پێیان وایە بە ئینکارکردنی مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستان دەتوانن داکۆکیی لە مانەوەی دەوڵەتی عێراق بکەن. چاوگێڕانەوەیەک بە مێژووی عێراقە کۆنەکەدا بەسە بۆ ئەوانەی کە دڵسۆزی مانەوەی عێراقن، دەست لە ئینکارکردنی کێشەی کوردستان هەڵگرن.

لە کۆتاییدا هیواداڕین کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن دەستپاکانە ئەو ئەرکانە جێبەجێبکات کە لە یاسای بەڕێوەبردنی قۆناغی گواستنەوەدا بۆی دەستنیشانکراوەو کەڵکی خراپ لەو دەسەڵاتانە وەرنەگرێت بۆ تێپەڕاندن و سەپاندنی هیچ بیروبۆچوونێکی شۆڤینی و سیاسی.

سەرکەوتووبێت پرۆسەی هەڵبژاردن لە پێناوی دامەزراندنەوەی عێراقێکی ئیتحادیی ئارەزوومەندانە کە گەلی کوردستان بتوانێت مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆییەکی نیسبی لەسەر تەواوی خاکی مێژوویی باشوردا هەڵس و کەوت بکات و زەمینەی ئازادیی و بووژاندنەوەو پاراستنی مافی مرۆڤ و یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لە کوردستان و عێراقدا سەقامگیر بکات و مافی هەموو گروپە جیاجیاکانی کۆمەڵگە دەستەبەر بکات و ئازادیی سرووتە ئایینییەکان بۆ گشت ئایین و ئایینزاکان بپارێزێت، بە ئیسلام و ئێزدی و مەسیحی و مەندائی و جوولەکەو ئەوانی ترەوە.

لەگەڵ ڕێزدا

بیرۆی سیاسی

پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان

٢٥-١٢-٢٠٠٤